# کورد و تورکیا:

## ئایندەیەکی هەڵواسراو



فەیسەڵ دەباغ

تایبەت بۆ گوڵان

دەینووسێ

پەیوەندی نێوان تورکیا و کورد، پێویستی بە لێدوانەکەی سەرۆک بارزانی نەبوو تا ئەو گرژییەی تیا بکەوێ کە هەندێ لە میدیاکان و سایتە کوردییەکان ئاماژەی پێ دەکەن. چونکە ئەو پەیوەندییە هەر لە رۆژی رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە لە ٩ ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ ئەو گرژییەی تیا کەوتبوو، زیادەڕۆییش ناکەین گەر بڵێین ئەو گرژییە بەر لەو ماوەیەش هەر هەبوو، رێک کاتێ هێزی هاوپەیمانان لە ساڵی ١٩٩١ ناوچەیەکی ئارامیان لە کوردستان دامەزراند.

راستە ئەو کات هێزەکانی تورکیا بەکەیفی خۆیان پەنجوازی هێزەکانی پەکەکەیان دەکرد، بەڵام پاش رووخانی رژێم ئەو هێزە تورکییانە نەیانتوانی بە ئاسانی نزیکی ناوچەکانی (هاوپەیمانە ئەمریکییەکە) ببن، کە چەندجار هەر بەخۆیان ئەو ناوچانەیان بە بنکە پاشینەکانی پەکەکە دادەنا.

ئێستا پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا بەتەنگژەیەکی خەفە تێپەڕ دەبێ و زۆر کەمیش لەلایەن میدیا تورکییەکانەوە باسی لێوە دەکرێ، کە هەروەک ستیفن کۆکی راوێژکاری لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرێس و پسپۆر لە کاروباری تورکیا ئاماژەی پێ کرد (نیویۆرک تایمز٣/٢٩).

تورکەکان هەر لە سەرەتاوە دژ بە شاڵاوەکەی ئەمریکا بۆ سەر عێراق بوون، پەرلەمانەکەشیان دژ بە بەکارهێنانی خاکی تورکیا بوو لەلایەن سوپای ئەمریکا و ئەو دژایەتیەش نەلە خۆشەویستی بوو بۆ رژێمی سەدام حوسێن ونەخۆ دزینەوەش بوو بەرامبەر بە ئیلتیزامەکانی وەک دەوڵەتێکی ئەندام لە ناتۆدا. بەڵکو دژایەتییەکەی لە ترسی ئەوە بوو نەوەکو ئەو شاڵاوەی ئەمریکا رەوشی کوردی عێراق بەرەو چاکتر ببات کە لەوانەیە کاربکاتە سەر رەوشی کوردی خۆی.

بەڵێ ئەوەی تورکیا لێی دەترسا روویدا، رەوشی کوردی عێراق باشتربووەوە، پۆستی سەرۆک کۆماریان وەرگرت و بوونە خاوەن سەرۆک لە هەرێمەکەی خۆیان و هەروەها خاوەنی پەرلەمان، کە نوێنەرایەتی هەموو پێکهاتەکانی هەرێم دەکات، ئەمە سەرەڕای خاوەن ئیدارەیەکی یەکگرتوو کەلە رووی ئارامی و گەشەی ئابوورییەوە باشترین ناوچەی عێراقە.

ئەمە تەواوی ئەو دیرۆکەنییە کە تورکەکان دەیخوێننەوە، بەڵکو لەهەموو گرنگتر ئەو ناوچەیە لەرووی سامانی نەوتەوە دەوڵەمەندە و میراتگری نەوتی کەرکووکیشە ئەگەر راپرسییەکە لە کاتی خۆی ئەنجام درا، ئەو راپرسییەی کەلەماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەی پێکراوە، کە تورکەکان پێیان وایە ئەگەر ئەنجامی ئەو راپرسییە لەبەرژەوەندی کورد بێ، ئەو سامانە دەبێتە هۆی بەهێز کردنی ئارەزووی سەربەخۆیی لەلای کوردی عێراق کە ئەمەشیان کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر کوردی تورکیاش.

ئەوەی بیانووی تورکەکان لەو هێنان و بردنە بەهێز دەکات، دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی پەکەکەیە، کە پاش شاڵاوی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و هەر بەقسەی ئەو تورکانە بەماوەیەکی زۆرکەم لە (٢٠٠٤) دەستی پێکردووە.

جێی باسە ئەو پارتە چالاکی چەکداری خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ دەستپێکرد و تاساڵی ١٩٩٩ بەردەوامی هەبوو، ئەو کاتەی کەسەرکردەکەی دەسگیرکرا. لەو ماوەیەدا وبەپێی راپۆرتێکی BBC لە ٤/٩، زیانی تورکیا کوژرانی ٣٧ هەزار سەربازبوو، کە بێ شک گۆڕانی رەوشی عێراق پاش ئەو مێژووە هاندەرێکی باش بوو بۆ دەستپێکردنەوەی چالاکییەکانی، وەڵامی توندی ئەم دواییەی بەرپرسانی تورکیا بەرامبەر بە ئاخاوتنەکەی سەرۆک بارزانی هەر لەبەر ترسی ئەوەبوو نەوەکو کورد رۆڵێکی بەرچاوتر لەناوچەکەدا ببینێ و کاریش بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ بکات.

سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا یەشار بیوک شێوەی ئاخاوتنی پێشووی گۆڕی و ئێستا بەراشکاوی دەڵێ: مەحاڵە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە سنووری باشووری تورکیا قبول بکەین. هەروەها دەڵێ: من ناڵێم لە دژی عێراق چالاکی سەربازیی بکەین، من دەڵێم پێویستە

لە دژی پەکەکە بجوڵێین. ئەم لێدوانەی سەرۆک ئەرکان لە کاتێکدایە کە پێشتر رایگەیاندبوو کە هێرشکردنە سەر باکووری عێراق تەنها پێویستی بە بڕیاری سیاسییە، واتە ڕەزامەندی وەرگرتنی حکومەت و پەرلەمان.
دوور لە هەڵبەزو دابەزی سیاسی کە ناوچەکە بە خۆیەوە دەیبینێ، جوگرافیاش هاندەرێکی باشە بۆ کورد تا داوای دەوڵەتی سەربەخۆ بکات، چونکە ئەو گەلە لە بنچینەدا یەک ناوچە کۆیان دەکاتەوە کە کوردستانی پێ دەگوترێ، بەبێ ویستی خۆشی بەسەر پێنج دەوڵەتدا دابەشکراوە، تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا، ئەرمینیا و ژمارەشی لە نێوان ٤٠- ٤٥ ملیۆن کەسە، زیاتر لە ٢٠ ملیۆن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا و نزیکەی ١٥ ملیۆن لە ئێران و ٥-٦ ملیۆن لە عێراق و ژمارەیەکی کەمتریش لە ڕۆژهەڵاتی سوریا و ئەرمینیایە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کورد ئەزموونی دەوڵەتێکی هەبووە لە کۆتای جەنگی دووەمی جیهان لە کوردستانی بەشی ئێران، کەتەمەنەکەی لەیەک ساڵ زیاتر نەبوو.
گرژی لە پەیوەندی نێوان کوردی عێراق و تورکیا و دەستپێکردنەوەی چالاکی چەکداری لەناوچە کوردییەکانی تورکیا، لەکاتێکدایە کە سیستەمی عەلمانی لە تورکیا بەتەنگژەیەکی قووڵدا تێپەڕدەبێ، چونکە هەتا دامەزرێنەری تورکیای نوێ ( کەمال مستەفا) کەبە ( کەمال ئەتاتورک) ناسراوە کاتێ بنچینەی یەکەم سیستەمی عەلمانی لە ساڵی ١٩٢٣ لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانا بیری لەوە نەکردبووەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان میراتگری ئەو سیستەمە خەڵکی ئایینی بن.
ویلایەتی سیزاری سەرۆک کۆمار کە عەلمانییە لەو نزیکانە کۆتایی پێ دێت ، لە مانگی مایسیش پەرلەمانی تورکیا پاڵێوراوێک بۆ سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێ. پاڵێوراوی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان، عەبوڵلا گوڵی وەزیری دەرەوەی تورکیابوو، کە پارتەکەی خاوەن زۆرینەیە لەو پەرلەمانە، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەیە، لە خولی یەکەمیدا نەیتوانی ئەو پۆستە «کە سەرۆک کۆماری تورکیایە» وەدەست بهێنێ تەگەرەی لەبەردەم دروست بکرێت، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان کاندیدکردنی ئیسلامییەک ڕووبەڕووی هێزە عەلمانییەکان دەبێتەوە، وەک ئەو خۆپیشاندانەی کە ڕۆژی ٤/١٤ لە تورکیا ئەنجام درا، کە نزیکەی یەک ملیۆن و نیو عەلمانی بەشداریبان کرد و دژی ئەوە بوون کە تورکیا بۆ حوکمێکی ئایینی بگەڕێتەوە و هەڵوێستی سوپاش هەروەکو هەڵوێستی عەلمانییەکانە و ئەو هەڵوێستەش زۆر بەڕوونی لە ئاخاوتنەکەی سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا بەدیار دەکەوێت کاتێ دەڵێ: پێویستە سەرۆک کۆمار ١٠٠٪ وەفاداری سیستەمی عەلمانی بێ کەئەمەش هۆشدارییەکە بۆ ئیسلامییەکان، بەتایبەتی پارتی عەدالەت و پەرەپێدان .
هەر لە ئێستاوە میدیا عەلمانییەکان دەستیان بە دژایەتی کردنی پاڵێوراوی ئەو پارتەیان کردووە و لە ژمارەیەکی چەند ڕۆژی ڕابردووی ( حورریەت) وتارێکیان بڵاو کردۆتەوە گوایە باپیرە گەورەی گوڵ لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری ( دیوەلی سێرت) نیشتەجێ بووە و بەرەچەڵەکیش عەرەبە، هەرهەمان ڕۆژنامەش دەپرسێ: ئایا خەڵکی تورکیا ڕازین کابرایەکی عەرەب ببێ بە سەرۆکیان؟
ترسەکە ئێستا لەوەدایە نەوەکو تورکیا بگەڕێتەوە سەر حوکمی سەربازیی لە ژێر سایەی ئەو دیالۆگە ناوخۆییەی نێوان عەلمانییەکان و ئیسلامییەکان و ڕژێمیش سوود لەو دەرفەتەوەربگرێ و ئاراستەکان بەرەو کێشە دەرەکییەکان ببات، لەسەروی هەموویانەوە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەرێگەی عەسکەرییەوە کە ئەمریکا دژایەتی ئەو ئاراستەیە دەکات و پێی وایە کێشەی کورد دەبێ لەرووی دیالۆگەوە چارەسەر بکرێت و مەسەلەی بوونی پەکەکەش لە قەندیل لەرێی دانوستانی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستاندا چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە، کە ئەم بۆچوونەش هەمان بۆ چوونی یەکێتی ئەوروپایە، ئەو یەکێتییەی کە تورکیا ساڵانێکە هەوڵی بۆ دەدات.
پەیوەندی کورد و تورکیا تا هەڵبژاردن کۆتایی پێ دێت، بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، ئایندەکەشی بەندە بەو کەسەی کە پۆستی سەرۆک کۆمار لە تورکیا وەردەگرێ و عەبدوڵلا گوڵیش بە پێی هەموو پێوەرەکان شیاوترین کەسە بۆ ئەو پۆستە، کە هیواداریین پاش سەرکەوتنی لە دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان کورد و تورکیا چاو لە سیاسەتەکەی ئۆزال بکات لەسەر بنچینەی ڕێز لە یەکترگرتن و دەست وەرنەدان لە کاروباری یەکتر و کورد بەدۆستێکی هەرە نزیکی خۆی بزانێ کە ئەمریکاش ئەمەی پێخۆشە .

**ئێستا پەیوەندی تورکیا و ئەمریکا بەتەنگژەیەکی خەفە تێپەڕ دەبێ و زۆرکەمیش لەلایەن میدیا تورکییەکانەوە باسی لێوەدەکرێ**

**پەیوەندی کورد و تورکیا تا هەڵبژاردن کۆتایی پێ دێت، بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، ئایندەکەشی بەندە بەو کەسەی کە پۆستی سەرۆک کۆمار لە تورکیا وەردەگرێ و عەبدوڵلا گوڵیش بە پێی هەموو پێوەرەکان شیاوترین کەسە بۆ ئەو پۆستە**